# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان
## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## یازدەهەم راپۆرت: گرفتی وانەی ئابوری و نەبونی مامۆستای پسپۆڕی ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندنی گەرمیان

**ئابی ٢٠١٨**

١/٩/٢٠١٨

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



## بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢. کارنامەی یەکەکە
٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. كارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت


١. دەستپێک

٢. بۆچونی فێرخوازان لەبارەی بابەتی ئابوری

٣.کاریگەری نەبونی مامۆستای پسپۆری بابەتی ئابوری لە ناوەندەکان

ا. گرفتی ئەو مامۆستایانەی پسپۆڕی دیکەیان هەیە و بابەتی ئابوری دەڵێنەوە

ب. رای مامۆستایانی ئابوری لەسەر بابەتی ئابوری.

٤. گرنگیدان بە وانەی ئابوری لە ناوەندەکانی دەرەوەی شار

٥. کاریگەرییەکانی نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە زاری بەڕێوبەرانی ناوەندەکان

٦. گرفتەکانی وتنەوەی بابەتی ئابوری لە لایەن پسپۆرییەکانی دیکەوە لەسەر فێرخوازان

٧. کات و پرۆگرام تا چەند تەریبە بە گرنگی بابەتەکە؟

٨. رای سەرپەرشتیار و بەڕێوبەرانی پەروەردە سەبارەت بە نەبونی پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکان


### ١. دەستپێک

یەکێک لە گرفتە دیارەکانی وانە وێژەییەکان لەناوەندەکانی خوێندنی ئامادەیی لە سنوری پەروەردەی گەرمیان، نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوریە بۆ وتنەوەی وانەکە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش پەنا براوەتە بەر پسپۆرییە جیاوازەکان بۆ وتنەوەی وانەکە، ئەمەش کۆمەڵێک گرفت و کاریگەری لسەر خودی ئەو مامۆستایانە دروستکردوە کە پسپۆری ئەو بابەتە نین، ئەمە سەرباری خوێندکاران کە وایکردوە بابەتی ئابوری بە وانەیەکی ئاسایی و بێسود سەیر بکەن.

هەروەها بەپێی ئەو بەدواداچونەی کە بۆ بەشێک لە ناوەندەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان کردومانە، لە کۆی (١٧) ناوەند، (١٠) ناوەند مامۆستایانی ئابوریان پسپۆری خۆیان نین، لەگەڵ ئەوەش ئەم گرفتە زیاتر لە سنوری پەروەردەی کەلار رەنگی داوەتەوە وەک لە کفری.

بەپێی ئامارێکی یەکەی سەرپەرشتیاری لە سنوری پەروەردەی گەرمیان، بۆ ساڵی (٢٠١٦ – ٢٠١٧)ی تایبەت بە مامۆستایانی پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن دا، بەمشێوەیەیە:

| ز | پەروەردە | ژمارەی ئامادەیی | ژمارەی مامۆستای پسپۆری ئابوری |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | کەلار | ٣٦ | ٢٩ |
| ٢ | کفری | ١٣ | ٥ |

بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨، هیچ ئامارێک لە پەروەردەی گەرمیان لەمڕووەوە بەردەست نییە.

### ٢. بۆچونی فێرخوازان لەبارەی بابەتی ئابوری

کاریگەری نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە ناوەنکانی خوێندن تەنها لەسەر خودی مامۆستایان رەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو کاریگەری نەرێنیشی هەیە لەسەر خوێندکاران.

شەهلا عەلی، خوێندکار قۆناغی ١١ی وێژەی لە ئامادەی (شێروانەی کچان) لە کەلار، سە بارەت بە نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن وتی: "بێگومان ئابوری لە ژیانی هەمو کە سێکدا گرنگە، بۆیە هەبونی مامۆستای تایبەت لەو بوارە گرنگ ترە، لە ناوەندەکەی ئێمەش چە ند جارێک مامۆستامان گۆڕاوە، بویە کاریگەری هەبوە لەسەرمان".

وتیشی: ئەو مامۆستایەشی کە وانەی ئابوریی پێدەداین، پسپۆری بابەتەکە نەبو،بە باشیی نەیدەتوانی وانەکەمان پێبدات.

هەندێک لە قوتابیان پێیانوایە پسپۆری ئابوری هەبێت لە ناوەندەکان یان نا، ئەوە سودێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە بابەتەکە هەر دەرخ دەکرێت.

بەشدار جەعفەر حوسێن، خوێندکاری پۆلی ١٢ی وێژەی لە ئامادەیی (شەهید هاوار) لە کەلار دەڵێت: " بابەتی ئابوری تەنها شتێکی رەمزییە و خوێندکاریش ئیجبارکراوە کە بیخوێنێت، ئەگەر نا هیچ سودێکی ئەوتۆی نیە بۆ خوێندکارانی ئامادەیی، تەنانەت ئێمە پسپۆری خۆی هەبێت یان نا خۆمان دەتوانین بیخوێنین، چونکە هەر لەبەری دەکەین".

بەشێک لە قوتابیان دەڵێن هەبونی مامۆستای پسپۆر گرنگە هەبێت لە ناوەندەکان، چونکە بۆ تاقیکردنەوەی وزاری زۆر سودی هەیە.

ئارام عوسمان، خوێندکاری پۆلی ١٢ی وێژەی لە قوتابخانەی ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: "پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکان باشترە هەبێت و پسپۆری خۆی بێت، چونکە شارەزاییەکی زیاتری هەیە لە بابەتەکە بۆ شەرحکردن و دەتوانێت بابەتەکە بە نمونە دەوڵەمەند بکات، هەروەها خاڵێکی جەوهەری مامۆستای پسپۆر ئەوەیە ساڵانە بۆ پرسیارەکانی وزاری ئەزمونی زۆرترە و بەر چاو رونی زیاترت بداتێ".

وتیشی: "نەبونی مامۆستای پسپۆر کێشەمان بۆ دروست دەکات، بەس کێ گوێ لە ئێمەی خوێندکاردەگرێت؟"

**٣. کاریگەری نەبونی مامۆستای پسپۆری بابەتی ئابوری لە ناوەندەکان.**

کاریگەری نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن و پڕکردنەوەی بە پسپۆری بابەتەکانی دیکە یەکێکی ترە لە گرفتەکانی ناوەندکان و هەر یەک لە مامۆستایان باس لەو کاریگەرییانە دەکەن.

**ا. گرفتی ئەو مامۆستایانەی پسپۆڕی دیکەیان هەیە و بابەتی ئابوری دەڵێنەوە**

نەبونی مامۆستای پسپۆر لە ناتوەندەکانی خوێندن یەکێکە لە گرفتەکان و هەر یەک لە مامۆستایانیش کۆمەڵێک گرفت رون دەکەنەوە چ لە سەر خودی خۆیان چ خوێندکاران و رونکردنەوە دەدەن.

کەمال سەڵاحەدین سەمین، پسپۆر جوگرافیا و مامۆستای ئابوری لە قوتابخانەی ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، سەبارەت بەکاریگەری وتنەوەی بابەتی ئابوری لە سەری، دەڵێت: "من پسپۆری جوگرافیام، وتنەوەی بابەتی ئابوری

لەسەرم زۆر قورسە، چونکە هیچ وەک مامۆستای پسپۆری بابەتەکە خۆی نابم، وا (٩) ساڵە ئەم بابەتەم وەرگرتوە تاوەکو ئێستاش ناتوانم وەک پێویست بابەتەکە بگەیەنم، هەروەها واملێهاتوە هەست بە بێزاری بکەم، چونکە پسپۆرییەکەی خۆمم هیچ بیر نەماوە".

وتیشی: وتنەوە ئەم بابەتە لەلایەن پسپۆرییە جیاوازەکانەوە سلبیاتی زۆرترە تا ئیجابیاتی، تەنانەت من وانەکانی (فەلسەفە و جینۆساید)یش ئەدەمەوە نەک ئابوری بە تەنها، هەروەها ئەمە لە ناچاری دەکەم، چونکە پسپۆری ئەو بابەتانەمان نیە، لەگەڵ ئەوەش هەر بابەتە و پسپۆری خۆی بێت باشترە، لەبەر ئەوەی دەتوانێت زیاتر بە نمونەکانی بابەتەکە دەوڵەمەند بکات، ئەگەرچی ئێمە لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی خۆمانەوە ئەو بابەتەمان وەرگرتوە بۆ ئەوەی خوێندکار مافی نەفەوتێت.

هەندێک لە مامۆستایان بە ناچاری پسپۆری خۆیان گۆڕیوە بۆ پڕکردنەوەی فەراغی پسپۆرییەکی دیکە، ئەگەرچی ناتوانن وەکپێویست بابەتەکە بە قوتابیان بگەبەنن چونکە پسپۆری خۆیان نیە.

زاگرۆس ئەحمەد وەلی، پسپۆری جوگرافیا و مامۆستای ئابوری لە قوتابخانەی ئامادەیی (ڕێبەر)ی ئێواران لە ناحییەی باوەنور لە سنوری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی نەبونی پسپۆری بابەتی ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "بەهۆی نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری بە ناچاری بۆ ماوەی چەندین ساڵە پسپۆری خۆمم گۆریوە و وانەی ئابوری ئەڵێمەوە، بۆیە هەر مامۆستایەک وانی ئابوری بڵێتەوە و خۆی دەرچوی ئەو بەشە نەبێت تاڕادەیەکی زۆر قورسە بۆی ناتوانێت بە ئاسانی تێیدا سەرکەوتو بێت، چونکە بابەتی ئابوری بابەتێکی چڕ و پڕە".

وتیشی: بۆیە ئەگەر پسپۆری خۆت نەبێت ناتوانیت بابەتەکە بە جوانی بە خوێندکار بگەیەندرێت تاڕادەیەک قورسە بۆ مامۆستا، چونکە شارەزایی لە پسپۆریەکەی خۆی زیاترە تا بابەتی ئابوری".

لەبارەی ناچارکردنیان بە وەرگرتن و وتنەوەی ئەو وانەیە، (زاگرۆس ئەحمەد) وتی: "من بە ناچاری ئەو بابەتەم وەرنەگرتوە، بەڵکو لە روانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خوێندکاران بابەتەکەم وەرگرتوەو بۆ ماوەی (٥) ساڵە ئەو بابەتە ئەڵێمەوە.

باسیلەوەشکرد: بابەتی ئابوری لە دو ڕوەوە کاریگەری لەسەرم هەبوە، دیوێکی سلبی و دیوێکی ئیجابی، دیوە سلبیەکەی، ئەوەبوە کە منی لە پسپۆڕی خۆم دورخستوەتەوە، دیوە ئیجابیەکەشی ئەوەیە کە منی ئاشنا کردوە بە بابەتیکی نوێ و زانستێکی نوێ، لەگەڵ ئەوەشدا نەک هیچ خولێکی شیاندنم نەبینیوە، ئەسڵەن هیچ سەرپەرشتیارێکی پسپوری بواری ئابوری منی نەبینیوە و نازانێت کە من ئەو بابەتە دەڵێمەوە.

هەندێک لە مامۆستایان بۆ ئەوەی بەریەک کەوتنیان لەگەڵ خوێندکاران بۆ دروست نەبێت کە پسپۆری خۆیان نین و بابەتی ئابوریان وەرگرتوە، وەک خوێندکار سەعی دەکەن لە بابەتەکە.

فەرهاد غەفار غەفور، پسپۆری مێژو و مامۆستای ئابوری لە ئامادەیی (رزگاری)ی لە ناحییەی رزگاری، دەڵێت: "من پسپۆڕییم مێژوە و بابەتی ئابوریم وەرگرتوە، راستە زانیاریم لە بابەتەکە هەیە، بەڵام هیچ کات وەک پسپۆرییەکەی خۆی نابم و وەکپێویست هەقم بە بابەتەکە نەداوە".

وتیشی: بۆ ئەوەی بتوانم خوێندکارەکانم بە باشی تێبگەیەنم و گلەی نەکەن، وەک تەلەبە ناچارم سەعی بکەم یان پرسیار لە مامۆستایەکی پسپۆری بابەتەکە دەکەم، سەرباری ئەوەش هەر گرفتم بۆ دروست دەبێت، چونکە بەشێکی زۆری بابەتەکە حساباتە، لەگەڵ ئەوەش تاوەکو ئێستا هیچ بەرکەوتنێکم لەگەڵ خوێندکار نەبوە، چونکە خۆم ئامادە دەکەم ئینجا دەڕۆمە پۆلەوە، بۆیە کاریگەرییەکەی بۆ مامۆستا زیاترە وەک لە خوێندکار.

هەندێک لە مامۆستایان بە تێپەڕبونی کات خۆیان گونجاندوە لەگەڵ بابەتەکەدا و ئەزمونیان وەرگرتوە، بەهۆی ئەوەی خولی شیاندن نەکراوەتەوە تاوەکو ئێستا.

سیروان ساڵەح عەلی، پسپۆری جوگرافیا و مامۆستای ئابوری لە ئامادەیی (بەردەسور) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "وانی ئابوری وانەیەکی گرنگە لە ناوەندەکان پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی روژانەی خەڵکەوە هەیە، بەڵام لە ناوەندەکان وەک پێویست نیە و من بۆ ماوەی (١٤) ساڵە بابەتی ئابوریم وەرگرتوە و پسپۆری جوگرافیام تاوەکو ئێستا خولی شیاندنیش بۆ نەکراوەتەوە، خۆم حەزم لە بابەتەکە بو بۆیە وەرم گرتوە ئەشتوانم بڵێم هەقم بە بابەتەکە داوە".

**ب. رای مامۆستایانی ئابوری لەسەر بابەتی ئابوری**

هەندێک لە مامۆستایانی پسپۆری ئابوری باس لەوە دەکەن کە ئەو مامۆستایانەی بابەتی ئابوریان وەرگرتوە و پسپۆری خۆیان نەبوە، تەنها بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوە کە هەیە بە ئارەزوی خۆیان نەبوە.

هەمزە محەمەد دەروێش، پسپۆری ئابوری لە قوتابخانەی ئامادەیی (سەردەم) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "بە بڕوای من بونی پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن وەکو پێویست نیە واتە کەمترە لەوەی کە پێویستە، هەربۆیە ئەمەش وایکردوە پەنا ببرێتە بەر پسپۆری تر بەتایبەت مێژو و جوگرافیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە هەیە".

وتیشی: گومانم نیە هیچ لەو مامۆستایانە بە ویست و ئارەزوی خۆیان ئەو بابەتەیان وەرگرتبێت، چونکە کاریگەری نەرێنی بەجێدەهێڵێت لەسەریان و هەشبوە.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن یەکێک لە هۆکارەکانی نەبونی مامۆستای پسپۆری بابەتی ئابوری لە ناوەندەکان نەبونی دەرچوی بەشی ئابوریە و بەتایبەتیش لە زانکۆ گەرمیان گرنگی بەو بەشە نەدراوە.

ئارام ڕۆستەم حمەئەمین، پسپۆری ئابوری لە ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحییەی ڕزگاری، دەڵێت: "من خۆم پسپۆری ئابوریم و بابەتەکە ئەڵێمەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکەن نەبونی دەرچوی زانکۆیە لەو بەشە، بەتایبەت لە گەرمیان کە ئەو بەشە هەر لە زانکۆ نیە، ئەمەش کاریگەری خۆی بەجێهێشتوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەش پشت بە پسپۆرییەکانی دیکە بەستراوە، تەنانەت ئەمە وایکردوە بێزارییەک لە نێوان مامۆستایان و خوێندکارانیش دروست ببێت، خولیای خوێندکاریش بۆ هۆشیار بونیان لە بابەتەکە کەم ببێت و وەک پێویست لێی نەگات".

وتیشی: من پێو وانیە هەر بابەتە و پسپۆری خۆی نەبێت و بەتایبەتیش ئابوری کە بتوانێت بابەتەکە بە باشی بە خوێندکار بگەیەنێت، تەنانەت پرسیاریش بکەی لەو مامۆستایای کە بابەتەکەی وەرگرتوە جۆرێک بێزاری هەیە و پێوەیان دیارە بە ناچاری ئەوەیان کردوە.

## ٤. گرنگیدان بە وانەی ئابوری لە ناوەندەکانی دەرەوەی شار

هەندێک لە مامۆستایان کە وانەی ئابوریان وەرگرتوە و پسپۆری خۆیان نیە، بۆئەوەی بتوانن بابەتەکە بە باشی بگەیەنن پەنا دەبەنە بەر خوێندنەوە یان ئەو مامۆستایانەی پسپۆرن لەو بابەتە.

ژیان کەمال، پسپۆری جوگرافیا و مامۆستای ئابوری لە قوتابخانەی ئامادەیی (هەواسان) لە ناحییەی مەیدان، سەبارەت بە کاریگەری وەرگرتنی بابەتی ئابوری لەسەری دەڵێت: "پسپۆری جوگرافیام و بابەتی ئابوری ئەڵێمەوە، چونکە مامۆستای ئابوریمان نییە، هەروەها بابەتەکە بابەتێکی قورسە پێویستە شارەزایەکی باشت هەبێت، من هەوڵی خۆمم داوە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە، لەگەڵ ئەوەش مامۆستای هاوڕێشم هەیە لە ئابوری زۆر هەوڵم لەگەڵ ئەدەن هەر گرفتێکم بۆ دروست بێت پرسیاریان لێدەکەم و هاوکاریم دەکەن".

وتیشی: بەپێی توانا هەق بەبابەتەکە ئەدەم، بەڵام ئەگەر مامۆستایەکی پسپۆڕ بیڵێتەوە بێگومان باشترە، هەروەها من بەئیجباری بابەتەکەم وەرگرتوە، چونکە مامۆستامان نییە، لەگەڵ ئەوەش دەیان مامۆستا هەیە وانەدەڵێتەوە

لەناوەندەکانی خوێندن کە پسۆری بابەتەکەنین کەچی خولی شیاندنی بۆ نەکراوەتەوە، هەرگیز پەروەردە تائێستا بیری لە شتی وانەکردۆتەو، ئەگەر خولێکی لەوجۆرە هەبێت بێگومان کارێکی باشە و گرنگی خۆی هەیە.

هەندێک لە مامۆستایانی پسپۆری ئابوری ئاماژە بەوە دەکەن هەندێک زاراوە هەیە لە کتێبەکەدا ئەگەر مامۆستای پسپۆری بابەتەکە نەبیت ئەوا ناتوانرێت ڕونکردنەوەی تێدا بدرێت ئەمەش گرفتە.

بورهان حەمید کەریم، پسپۆری ئابوری لە ئامادەیی (عەزیز قادر) لە ناحییەی سەرقەڵا سەر بە قەزای کفری، دەڵێت: "بابەتی ئابوری گرنگە پسپۆری خۆی بێت لە ناوەندەکان، چونکە کۆمەڵێک زاراوەی تێدایە تەنها مامۆستای پسپۆری بابەتەکە ئەتوانێت ڕونکردنەوەی لەسەر بدات، لەگەڵ ئەوەش پێویستە مامۆستای ئابوری خوێندکار وا رابهێنێت کە چوە کۆلێژ تەنها خەمی تەواوکردنی نەبێت و فێری تەواوی شتەکان ببێت، بۆیە ئەگەر ئەمە مامۆستای پسپۆر نەبێت ئەوا خوێندکار تەنها ئەیەوێ لە وانەکە دەربچێت".

وتیشی: من بە پەروەردەی کفریم وتوە ئەگەر مامۆستای پسپۆر وانەکە نەڵێتەوە ئەوا گرفت دروست دەبێت، چونکە یەکێکە لە بابەتە هەستیارەکان و هەمو جیهان گرنی پێدەدەن، بەڵام لای خۆمان وانیە بۆیە توشی ئەم کارەساتە بوین و کەسی شارەزامان نیە لەم بوارەدا.

باسیلەوەشکرد: نەبونی مامۆستای پسپۆر کاریگەری خراپی هەیە، چونکە وەک بابەتەکانی تر نیە و حساباتی تیایە بەتایبەت قۆناغی (١٠)یەم، کە ئەمەش تەنها مامۆستای پسپۆر لێی ئەگات، دەشزانم ئەو ناوەندانەی کە مامۆستای پسپۆری نیە ئەو حساباتانەیان بۆ شی ناکەنەوە ئەمەش یەکێکە لە کێشە گەورەکان.

بەهەمان شێوە، هەندێک لە بەڕێوبەران گلەیی ئەوە دەکەن کە گرنگی بە ناوەندەکانی دەرەوەی شار نادرێت وەک پێویست، هەر ئەم گرنگی نەدانەش ڕەنگی داوەتەوە بەسەر بابەتی ئابوریدا و پسپۆری بابەتەکە لە ناوەندەکاندا نیە.

حەبیب سابر جەمیل، بەڕێوبەری ئامادەیی (شەهیدانی زەند ئاباد) لە ناحییەی کۆکس لە سنوری پەروەردە کەلار، دەڵێت: "ئێمە پسپۆری ئابوریمان نیە، ئەوەی بابەتەکە وەرگرتوە پسپۆری جوگرافیایە و بە ویستی خۆی وەری گرتوە، چونکە بەشە وانەی (حـ×ە) کەمە، بەهۆی ئەوەی ئامادەییەکەمان خوێندکاری کەمە بۆیە پسپۆری ئابوریان بۆ دابین نەکردوین و دەتوانم بڵێم وەکپێویست گرنگە بە ناوەندەکانی دەروەی شار نادرێت ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەش مامۆستای جوگرافیامان هەیە ئەڵێت ئامادەم (٢٠) بەشە وانە لە بابەتی خۆم بدەمەوە بەس پسپۆری دیکەم پێنەدەن".

ئەگەرچی بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغی ئامادەیی دەبێت هەر بابەتە و پسپۆری خۆی بێت، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینیە ئەوەیە کە لە ناوەندی گوندەکان ئەمە ڕەچاو نەکراوە.

ساری بەهادین ئەمین، بەڕێوبەری ئامادەیی (عەزیز قادر) لە ناحییەی سەرقەڵای سەربە قەزای کفری، دەڵێت: "ئێمە پسپۆری ئابوریمان هەیە، بەڵام لە زۆرێک لە ناوەندەکان نیە لە پەروەردەی گەرمیان و بە پسپۆرییەکانی دیکە پڕ کراوەتەوە، لە کاتێکدا بە پێی رینماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغی ئامادەیی دەبێت هەربابەتە و پسپۆری خۆی بێت بە تایبەت ئەمە لە لادێیەکان جێبەجێنەکراوە و زۆربەی بابەتەکانمان پسپۆری خۆی نیە".

وتیشی: ئێمە لە ئابوری گرفتێکی ئەوتۆمان نیە، چونکە پسپۆری خۆیەتی و بەشە وانەکانیشی کەمە و لە هەفتەیەکدا (٨) وانەیە، بەڵام ئەمە لە زۆرێک لە ناوەندەکان وانیە و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەو مامۆستایانەی کەپسپۆری خۆی نیە، لە کاتێکدا بابەتەکە حساباتی تیایە، بۆیە ناتوانن وەک پێویست هەق بە بابەتەکە بدەن.

## ٥. کاریگەرییەکانی نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە زاری بەڕێوبەرانی ناوەندەکان

زۆرێک لە ناوەندەکانی خوێندن بێبەشن لە مامۆستای پسپۆری ئابوری، ئەمەش هۆکار گەلێکی هەیە، لەگەڵ ئەوەش کاریگەری زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە چ لەسەر خوێندکاران چ لەسەر مامۆستایان ئەمە بە وتەی زۆرێک لە بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن.

عەلی ئەحمەد رەحمان، بەڕێوبەری ئامادەیی (پێباز) لە ناحییەی باوەنور، دەڵێت: "ئێمە پسپۆری ئابوریمان هەیە، بەڵام لە زۆربەی ناوەندەکان ئەمە بونی نیە، ئەگەر چی پێویستە پسپۆڕی خۆی هەبێت، چونکە ناتوانرێت وەک پێویست هەق بە بابەتەکە بدرێت و بابەتەکەش تابڵێی وشکە، بۆیە زەحمەتە بۆ ئەو مامۆستایەی کە بابەتەکە وەردەگرێت، ئەم بابەتەش وەک بابەتە زانستیەکان وایە کە چەند زەرورە پسپۆری خۆی بێت".

وتیشی: بابەتە وێژەییەکان لەلای خۆمان وەک پێویست گرنگی پێنادرێت و کێشە نابێت پسپۆرییەکان وانە جیاوازەکان بڵێنەوە، هەر بۆ بەڕێکردنی وەزعەکە ئەمەش دەکرێت، تەنانەت زۆرێک لە ناوەندەکان مامۆستایان بە ناچاری بابەتی ئابوریان وەرگرتوە، ئەمەش هیچ سودێکی بۆ خوێندکار نابێت کاریگەری لەسەر بەجێدەهێڵێت.

هەندێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن کە چەند بابەتی ئابوری پسپۆری خۆی نیە، بەشە وانەشی کەمە لە کاتێکدا هەندێک بابەت پێویستی بە کاتی زیاترە.

گەرمیان عەلی یاروەیس، بەڕێوبەری ئامادەیی (ئبراهیم ئەحمەد)ی ئێواران لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئێمە پسپۆری ئابوریمان نیە، لە کاتێکدا بابەتێکی گرنگە لە قۆناغی ئامادەیی، لە خشتەی هەفتانەش بەشە وانەی کەمە لە چاو بابەتەکانی دیکە بە هەرسێ قۆناغەکە (٧) بەشە وانەی هەیە، هەروەها ئەم بابەتە حساباتی تیایە و پێویستی بە

کات هەیە بۆ شەرحکردن و مامۆستای پسپۆریش بۆ ئەوەی خوێندکار سودی لێببینێت، بۆیە لە زۆربەی ناوەندەکان ئەم بابەتە لەلایەن پسپۆرییەکانی دیکە ئەوترێتەوە".

وتیشی: ئەو مامۆستایەی ئێمە بە ویستی خۆی بابەتەکەی وەرگرتوە و پسپۆری جوگرافیایە، هیچ خولێکی شیاندنی نەبینیوە و لەسەر ئەزمونی خۆی وانەکە ئەداتەوە، لە کاتێکدا مامۆستای وامان هەیە بە زۆریش پێی بدە وەری ناگرێت، ئەمەش کاریگەری خراپی زۆرترە تا باشیەکەی، چونکە وەک پێویست هەق بە بابەتەکە نادرێت و بە ناچاری ئەوەمان کردوە.

بە هەمان شێوە، محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم، بەڕێوبەری ئامادەیی (رزگاریی) لە ناحییەی رزگاریی، دەڵێت: "ئێمەش وەک زۆرێک لە ناوەندەکان پسپۆری ئابوریمان نیە و ناوەندەکەشمان تازە کراوەتەوە و بۆیان دابین نەرکردوین، مامۆستای مێژوەکەمان وانەکەی وەرگرتوە لە سەر ویستی خۆی، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر باسی پسپۆرییەکان بکەین لە بابەتەکانی خۆشیان ژمارەیان تەواو نیە چ جا بگات بە ئابوری و لەلایەن پسپۆرییەکی دیکەوە بوترێتەوە، لە کاتێکدا بابەتێکی گرنگە و پێشکەوتنی هەر وڵاتێک پەیوەستە بە ئابوری".

وتیشی: پێش هەمو شتێک و بابەتەکەش پێویستە کادرێکی باش پەروەردە بکرێت بۆ ئەوەی بێتە ناوەندەکانەوە و بتوانێت خوێندکارەکان پەروەردە بکرێت، ئێمە وا مامۆستای بابەتەکەمان نیە ئیتر چۆن بتوانرێت خوێندکارێکی کارامە پەروەردە بکرێت بۆ قۆناغی دواتری کە زانکۆی؟ە، ئێمە لە ساڵانی هەشتاکان مامۆستا بە (١٤) قۆناغی هەڵسەنگاندندا تێدەپەڕی ئەو جا دەبو بە مامۆستا ئێستاش ئاوا دادەنرێت.

هەندێک لە بەڕێوبەران ئاماژە بەوە دەکەن لە کاتێکدا بابەتی ئابوری گرنگە لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە و تەنانەت گەشتی زانستیشی بۆ ئەنجام نەدراوە کە پێویست بوە بکرێت.

هەمزە حەسەن محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (برایەتی) لە ناحییەی رزگاری، دەڵێت: "ئێمە پسپۆری ئابوریمان هەیە، ئەگەرچی لە زۆربەی ناوەندەکان گرفتی نەبونی هەیە و لەلایەن مامۆستایانی کۆمەڵایەتی بۆشاییەکەیان پڕکردوەتەوە، لەکاتێکدا زۆرێک لە مامۆستایان ناوێرن خۆیانی لێبدەن، چونکە بابەتێکی قورسە، بۆیە گرنگە بابەتەکە پسپۆری خۆی بیداتەوە بۆ ئەوەی هەق بە بابەتەکە بدرێت و قوتابیش بەباشی لێی بگات".

وتیشی: هیچ گەشتێکی زانستی بۆ ئەم بابەتە ئەنجام نەدراوە، لە کاتێکدا دەتوانرا سەردانی بانک یان ئیدارەی گەرمیان یان مەرزی پەروێزخان کە ئەمانە بەشی تایبەتی بەم بابەتەی تێدایە و خوێندکار بە پراکتیکی ببینێ و ئامادە کارییەکە بۆ زانکۆش، بەڵام هیچ گرنگی پێنەدراوە، بۆیە لە ناوەندەکان زیاتر گرنگی بە بابەتەکە زانستیەکان دەدرێت وەک لە وێژەییەکان.

بە هەمان شێوە، حسین محەمەد حەسەن، بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، سەبارەت بە کاریگەری نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکان، دەڵێت: "ئێمە بابەتی ئابوری پسپۆری خۆیەتی و گرفتی ئەو بابەتەمان نیە، چونکە خوێندکاری وێژەیی کەمە و مامۆستای بابەتەکەش کاتی خۆی زۆر دامەزراوە، بەڵام نەبونی کەلێنێکی گەورەیە لەناوەندەکان نە ک ئابوری بۆ هەمو بابەتەکان وایە و گرفت بۆ خوێندکار و مامۆستاش دروست دەکات".

وتیشی: خوێندکاری واهەیە ئاستی زانستی لە مامۆستاکە زیاترە و پرسیار دەکات، کە مامۆستا زانیاری لا نەبێت و نەتوانێت وەڵام بداتەوە ئەمەش گرفێکی ترە، تەنانەت زۆرێک لە مامۆستایان خۆیان لە هەندێک پرسیار دەدزنەوە، چونکە زانیارییان نیە، بۆیە ئەگەر مامۆستا داهێنەر نەبێت و داهێنان بۆ خوێندکارەکانی نەکات و مۆمارەسەی بابەتەکەی نەکردبێت، ئیتر چۆن دەتوانێت تێیان بگەیەنێت.

زۆرێک لە ناوەندەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە میلاک هەیە پەنا دەبەنە بەر مامۆستای وانەبێژ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایانە، ئەمەش زۆرجار گرفت بۆ ناوەندەکان دروست دەکەن، ئەمە بە وتەی بەڕێوبەرێک.

کاوە ئیبراهیم عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئێمە پسپۆری ئابوریمان نیە، زۆرجار ئەو گرفتانەمان توش دەبێت نەک لە ئابوری زۆربەی بابەتەکان واین، تەنانەت وانەبێژەکانیش وەک پێویست شارەزاییان نیە و گرفتمان بۆ دروست دەکەن، بە تایبەت لە ئابوری، چونکە بابەتەکە قورسە و گرانە مامۆستای پسپۆری خۆی نەبێت ئەوا کاریگەری خراپی دەبێت".

وتیشی: ئەگەر مامۆستا خوێندکار لە قۆناغەکانی (١٠ و ١١) بە باشی تێنەگەیەنێت ئەوا کاریگەری دەبێت بۆ قۆناغی (١٢)، چونکە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە پێکەوە، بۆیە زۆرێک لە مامۆستایان پسپۆری بابەتەکە نین و بە ناچاری ئەوەیان وەرگرتوە، تەنانەت خولی شیاندنیشاین بۆ نەکراوەتەوە تا ئێستا.

هەندێک لە بەڕێوبەران بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەی کە هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن بەهۆی نەبونی پسپۆری ئابوری، خۆیان وانەکە وەردەگرن و ئەو کەلێنە پڕ دەکەنەوە.

لوقمان نەوشاد عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (شەهید ئارام) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئێمە ناوەندەکەمان ناوەندێکی زانستیە و یەک پۆلی وێژەیمان هەیە و مامۆستای پسپۆری ئابوریمان نیە و بۆیان دابین نەکردوین، بۆیە خۆم وانەکەم وەرگرتوە و پسپۆری ئابوریم، بۆیە نەبونی مامۆستای پسپۆر لە ناوەندەکان کەلێنێکە گەورەیە و کاریگەری دەبێت لەسەر خوێندکار، چونکە وەک پێویست بابەتەکە ناگات پێیان".

وتیشی: لەگەڵ ئەوەش بۆ مامۆستا قورس دەبێت، چونکە ناچار دەبێت ئەو کتێبانەش بخوێنێتەوە کە پسپۆری خۆی نیە، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بدات بە خوێندکاران، بۆیە ئەم گرفتە زیاتر لە گوندەکان و ناحییە دورەکان هەیە.

### ٦. گرفتەکانی وتنەوەی بابەتی ئابوری لە لایەن پسپۆرییەکانی دیکەوە لەسەر فێرخوازان

نەبونی مامۆستای پسپۆری بابەتی ئابوری چەن کاریگەری لەسەر خودی مامۆستایان دروست کردوە، بەڵکو بۆ خوێندکارانیش بەهەمان شێوە بوە، ئەمە بەوتەی مامۆستایان و بەڕێوبەران.

کەمال سەلاحەدین، مامۆستای ئابوری لە قوتابخانەی ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، وتی: "نەبونی مامۆستای پسپۆر لە بابەتی ئابوری کاریگەری خۆی هەیە لەسەر قوتابی، ئەگەرچی تا ئێستا هیچ قوتابیەک نەهاتوە گلەیی بکات، بەڵام ئەگەر هەشیان بێت مافی خۆیانە، چونکە ئێمە پسپۆر نین لەو بابەتە".

بە هەمان شێوە، ژیان کەمال، پسپۆری جوگرافیا و مامۆستای ئابوری لە قوتابخانەی ئامادەیی (هەواسان) لە ناحییەی مەیدان، سەبارەت بە کاریگەری نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن لە سەر خوێندکار، وتی: "بەشێوەیەکی گشتی قوتابیان تێدەگەن ئەگەر پرسیارێکیان بۆ دروست بێت بەپێی توانا وەڵامیان ئەدەمەوە، ئەگەر خۆشم نەزانم ئەوا پرسیار دەکەم لە مامۆستایانی پسپۆربە بابەتەکە و وەڵامەکەیان بۆ دەبەمەوە، بۆیە وەرگرتنی بابەتێک ئەگەر پسپۆری خۆت نەبێت بێگومان گرفتت بۆ دروست دەکات چ لە سەر خودی مامۆستا چ قوتابی".

هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە وتنەوە بابەتی ئابوری لەلایەن ئەو مامۆستایانەی غەیری پسپۆرن تەنها کاردانەوەی لەسەر مامۆستایان نیە بەڵکو قوتابیانیش بەهەمان شێوە.

هەمزە محەمەد دەروێش، پسپۆری ئابوری لە قوتابخانەی ئامادەیی (سەردەم) لە قەزای کەلار، دەڵێت: " ئەمە نەک کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی مامۆستا دەبێت، بەڵکو لەسەر ئەدای تێگەشتنی قوتابیش دەبێت، چونکە وەک پێویشت لە بابەتەکە ناگات".

هەندێک لە مامۆستایان هەرچەند پسپۆری بابەتی ئابوری نەبون، بەڵام توانیویانە تێیدا سەرکەوتو بن، چونکە خوێندنەوەی دەرەکیان هەبوە بۆ بابەتەکە.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن لە سەر خوێندکاران، زاگرۆس ئەحمەد، مامۆستای ئابوری لە ئامادەیی (رێبەر)ی ئێواران لە پێباز، وتی: "گلەیی خوێندکار کە بڵێت لە

بابەتەکە تێناگەم، لەوانەیە ئەم گلەییە بەرۆکی زۆر ماموستای گرتبێت، چونکە گەیاندنی بابەتەکە زەحمەتە لەلایەن مامۆستایەک کە پسپۆری خۆی نەبێت، بەڵام من تاوەکو ئێستا توشی هیچ حاڵەتیکی وا نەبوم، چونکە خۆم خوێندنەوەی دەرەکیم هەبوە بۆی و بە گوێرەی توانام خوێندکارەکانم تێگەیاندوە و ڕێژەی دەرچونی ساڵانەی خوێندکارەکانم دەرخەری ئەوە بوە کە توانیومە بابەتەکە وەک خۆی بگەیەنم".

هەندێک لە بەڕێوبەران بە هەمان شێوەی مامۆستایان، باس لە کاریگەری نەبونی مامۆستای پسپۆر دەکەن لەسەر خوێندکاران و پێیانوایە بە باشی ناتوانرێت پەروەردە بکرێن و لە قۆناغی زانکۆش سفر دەبن.

محەمەد ئەحمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (رزگاریی) لە ناحییەی رزگاریی، دەڵێت: "ئەگەر مامۆستای پسپۆر نەبێت لە ناوەندەکان ئەوە ناتوانرێت خوێندکاران پەروەردە بکرێت بۆ قۆناغی زانکۆی بشچێتە ئەوێ هەر سفر دەبێت، راستە شەهادە بەدەست دەهێنێت، بەڵام خاڵی دەبێت لە زانست و گەیاندن، بۆیە گرنگە مامۆستای پسپۆر هەبێت لە ناوەندەکان".

بەهەمان شێوە، حەبیب سابر، بەڕێوبەری ئامادەیی (شەهیدانی زەند ئاباد) لە ناحییەی کۆکس، وتی: "وتنەوەی وانەی ئابوری لەلایەن پسپۆرە جیاوەزەکان چەند کاریگەری لەسەر خودی مامۆستا هەیە، هێندەش لەسەر خوێندکار هەیە، ئەگەرچی کەمتر هەست بەوە دەکەن و ناتوانن هەڵسەنگاندن بکەن بۆ مامۆستای بابەتەکە بەتایبەت خوێندکارەکانی ئێمە کە لە دەرەوەی شارن".

بەهەمان شێوە، هەمزە حەسەن محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (برایەتی) لە ناحییەی رزگاری، دەڵێت: "نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری کاریگەری زۆری لەسەر خوێندکار هەیە وایان لێهاتوەی بەس لەبەری دەکەن، ئەمەش گرفتە بۆیان، چونکە وەک پێویست لێی ناگەن و وەک ئەوە نیە مامۆستایەکی پسپۆر بابەتەکە شەرح بکات بە نمونەوە.

هەندێک لە بەڕێوبەران ئاماژە بەوە دەکەن نەبونی مامۆستای پسپۆر لە ناوەندەکان کاریگەری و زەرەرمەندی یەکەم خوێندکارە و کەسی دی زەرەر ناکات.

کاوە ئیبراهیم عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: "لە ناوەندەکانی خوێندن هیچ مامۆستایەک نیە غەیری پسپۆرییەکەی خۆی زانیاری تەواو بە خوێندکار بگەیەنێت، راستە بابەتەکە دەگەیەنێت، بەڵام زانیاری پێویستی پێ نیە و ئەمەش زەرەرمەندی یەکەم خوێندکارە و کەسی دی زەرەرمەند نابێت".

### ٧. کات و مەنهەج تا چەند تەریبە بە گرنگی بابەتەکە؟

زۆرێک لە مامۆستایان و بەڕێوبەران هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە ئەو پرۆگرامەی بابەتی ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندندا هەیە پێویستە بگۆڕدرێت، چونکە لەگەڵ بازاڕی ئێستادا ناگونجێت، هەندێکیشیان بە پێچەوانەوەن.

محەمەد ئەحمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (رزگاریی) لە ناحییەی رزگاریی، دەڵێت: "ئێمە نەک گرفتی نەبونی پسپۆریمان هەیە، کەموکورتیی لە پرۆگرامەکەش دا هەیە و گونجاو نیە، چونکە کۆنە و ئەو بابەتانەی تێدا باس دەکرێت لەگەڵ سەردەمی ئێستا ناگونجێت کە هەمو دراوەکان بە ئەلیکترۆنی کاری پێدەکرێت، من خۆم پسپۆری ئابوری نیم، بەڵام بە خوێندنەوە و تێڕوانینی خۆم لە واقیعی ئێستای بازاڕ دورە مەنهەجەکە".

بەهەمان شێوە، زاگرۆس ئەحمەد، مامۆستای ئابوری لە قوتابخانەی (رێبەر)ی ئێواران لە ناحییەی پێباز دەڵێت: "ئەو مەنهەجەی ئێستا هەیە زۆر کۆنە و تیایدا پشت بەستراوە بە کۆمەڵێک سەرچاوەی عەرەبی کە بۆ دونیای ئێستا بەسەرچوە و پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە، ئەشتوانم بڵێم تاوەکو رادەیەکی زۆر خوێندکار ناتوانێت سودی لێببینێت".

بە پێچەوانەوە هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە ئەو مەنهەجەی کە لە ئابوری دەخوێندرێت گونجاوە، تەنها هەندێک گۆرانکاری کەمی پێویستە.

هەمزە محەمەد دەروێش، پسپۆری ئابوری لە ئامادەیی (سەردەم) لە قەزای کەلار دەڵێت: "مەنهەجەکە باشە لە قۆناغەکان، بەڵام لە پۆلی دەیەم بەشە وانەی کەمە وا باشە زیاد بکرێت، لە پۆلی یانزەش بەشێکی تیایە بە ناوی (جیهانگیری) واباشە لابدرێت، چونکە دارشتنەوەی خراپە، هەندێک ژمارە و ئامارهەیە کە ساڵانە دەگۆڕێت باشتر وایە لەلایەن وەزارەتەوە گۆڕانکاریەکان ساڵانە بە نوسراوی فەرمی گشتاندنی بۆ بکرێت پاش پرس و راوێژ بە شارەزایانی ئەم بوارە، هەروەک بەشە وانەکەشی کەم بکرێتەوە، لە قۆناغی دوانزەش مەنهەج باشە بەشێوەیەکی گشتی".

بە پێچەوانەوە، هەندێک لە بەڕێوبەران پێیانوایە ئەو مەنهەجەی کە ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندندا هەیە پێویستە بگۆڕدرێت، چونکە لەگەڵ بازاڕی ئێستادا گونجاو نیە.

لوقمان نەوشاد عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (شەهید ئارام) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئێمە یەکێک لەو کێشانەی هەمانە لە کوردستان پسپۆری مەنهەجیمان نیە، بۆیە بابەتی ئابوریش وەک (کۆمپیوتەر) وایە چۆن سات بە سات پرۆگرامەکانی دەگۆڕێت، بۆیە ئابوریش سیستەمە و ئەو دەسەڵاتەیە کە بازاڕ بەڕێوە دەبات، ئەم مەنهەجەی ئێستا هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن گونجاو نیە لەگەڵ ئێستای بازاڕدا، بۆیە پێویستە بگۆڕدرێت.

## ٨. رای سەرپەرشتیار و بەڕێوبەرانی پەروەردە سەبارەت بە نەبونی پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکان

سەبارەت بە نەبونی پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڕێوبەران و سەرپەرشتیاری ئامادەیی هۆکار گەلێک دەخەنە رو یەکێک لەوانە گرنگی نەدانە بە سیستەمی وێژەیی، یان رو نەکردنی خوێندکارانە لەو بەشە، کۆمەڵێک هۆکاری تر.

عەدالەت لەتیف عوبەید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "لە سیستەمی پەروەردە هەر بە گشتی بەشی وێژەیی ساردبونەوەیەک هەبوە بەرامبەری بەتایبەت ئەم ساڵانەی دوای، نمونەش ئەوەیە هەر بە زۆر ئەمساڵ توانیومە پۆلێکی وێژەی بکەمەوە لە ئامادەیی شەهید ئارام، بۆیە زیاتر گرنگی بە زانستیەکان دەدرێت، تەنانەت لە زانکۆکانیش زیاتر گرنگی بە بەشە زانستیەکان دراوە، چونکە هەلی دامەزراندنی زیاترن، ئیتر نازانم ئەمە بە بەرنامە کراوە یان نا، بۆیە مامۆستای ئابوریش لە ناوەندەکان وەک پێویست نین، بەهۆی کەمی دەرچون لەو بەشە و روکردنی خوێندکار لەو بەشە".

وتیشی: لە ناوەندەکانی خوێندن پسپۆری ئابوری کەمتر فەراهەم کراوە لە زانکۆکانی کوردستان بەگشتی، بۆیە زۆرتر مامۆستایانی مێژو و جوگرافیا وانەکە دەدەنەوە، ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە، چونکە هەر کەسە و لە بواری پسپۆرییەکەی خۆی دەتوانێت زانیاری زیاتر بە خوێندکاران بدات و تێیان بگەیەنێت.

ئاماژەی بەوەشکرد: مەنهەجەکەش کۆنە و ساڵانێکە گۆڕانکاری تێدا نەکراوە و بابەتێکە وشک و گەورەیە زیاتریش بڵێم بابەتێکی علمیە.

بە هەمان شێوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، سەبارەت بە نەبونی مامۆستای پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن، دەڵێت: "نەبونی پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن کاریگەری ئەو تۆی نیە، ناشبێتە کێشە بۆ ناوەندەکان و خوێندکارانیش، چونکە ئەگەر مامۆستایەکی بەتوانا و لە قۆناغی ئامادەی بە باشی ئەو بابەتەی خوێندبێت و خۆی پەرە بە تواناکانی بدات ئەوا دەتوانێت بابەتی ئابوری بداتەوە، ئەگەر واش نەبێت ئەوە مامۆستایەکە لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان توانای باش نیە".

وتیشی: ئەو مەنهەجەی کە لە ناوەندەکان هەیە تەنها بۆ ئەوەیە کە زانیاری لەسەر بابەتەکە دەست دەکەوێت، نەک ئابوری بەڵکو زۆر بابەتی تریش هەیە مەنهەجەکەی کۆنە و دەخوێندرێت.

سەبارەت بە نەبونی پسپۆری ئابوری لە ناوەندەکانی خوێندن، سەرپەرشتیاران بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەیگەڕێننەوە، یەکێک لەوانە رو نەکردنی خوێندکارانە بۆ ئەو بەشە.

نەوزاد یاوەر قادر، سەرپەرشتیاری یەکەمی پێشو لە قۆناغی ئامادەییەکان لە سنوری پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە نەبونی مامۆستای پسپۆر لە ناوەندەکانی خوێندن، وتی: "ئێمە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە مامۆستای کۆمەڵایەتیەکانمان نیە، پێوستی زۆرمان بە پسپۆری ئابوری هەیە و کەمیشە لە گەرمیان، زۆرێک لە ناوندەکانیش پسپۆری ئابوری تێدا نیە بۆ ئەوەش ناچارین بە پسپۆریەکانی تر ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە، لەگەڵ ئەوەش ئابوری قورسە و کەم تەلەبە بۆی دەچێت".

وتیشی: ئێمە لە ساڵانی پێشوتر هەڵسەنگاندنمان دەکرد بۆ مامۆستایانی ئابوری دەیانمان نارد بۆ خول لە هەولێر، بەڵام ئەوە بۆماوەی چەن ساڵێکە ئەوە نەماوە، لەگەڵ ئەوەش نەبونی مامۆستای پسپۆر هێندەش کاریگەری نابێت لەسەر خوێندکار، چونکە خوێندکار هێندە پێویستی بە مامۆستا نابێت دەتوانێت خۆی لە ماڵەوە بیخوێنێ، ئەگەرچی لە لای خۆمان خوێندکار بۆ زانیاریی ناخوێنێت، بەڵکو تەنها بۆ دەرچون و نمرە دەخوێنێت و کەمتر رو لەو بەشە دەکەن.

لە بەرامبەریشدا، دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە هۆکاری نەبونی مامۆستای پسپۆڕی ئابوری، لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "بەهۆی نەبونی دامەزراندن زۆرێک لە ناوەندەکانی خوێندن پسپۆری ئابوری تێدا نیە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەش ناچارین بە پسپۆرییەکانی تر ئەو بۆشایەمان پڕکردوەتەوە، هەرچەندە ئەمەش گوشارە لەسەر ئەو مامۆستایانە، چونکە پسپۆرییان جیاوازە و ناتوانن وەک خۆی بابەتەکە بگەیەنن و قورساییەک دروست دەکات لە سەریان و زۆرجاریش پەنا دەبەینە بەر وانەبێژ".

وتیشی: بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت نابێت وابێت، بەڵام لە ناچاری ئەوەمان کردوە بە تایبەت لە لادێییەکان بۆ ئەوەی ناوەندەکان دانەخرێن، هەروەها بابەتی ئابوری خۆی لەگەڵ ئارەزوی خوێندکار نایەتەوە و نامۆیە پێی و وەک بابەتەکانی تر نیە، چ جا مامۆستایەکی غەیری پسپۆری خۆی وانەکە بداتەوە، ئەمەش بۆی قورس دەبێت.

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، نەیشاردەوە کە "رەنگە مامۆستا هەبێت هەر بابەتەکە بەرێ بکات، بەڵام مامۆستای پسپۆریش دەتوانێت و رێگەی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بابەتەکە خۆشەویست بکات لەلای خوێندکار.

ئاماژەی بەوەشکرد: لای ئێمە خولی شیاندن تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە پسپۆرییەکەیان لە دەرەوەی پەروەردەیە، ماوەکەشی مانگێکە، خولیشمان هەیە تەنها بۆ بەرچاو رونیە و ئەگەرچی وەکپێویست نیە و بۆ ماوەیەکی زۆریشە هیچ خولێک نەکراوەتەوە.

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

١. هەست بەوەدەکرێت وانەی ئابوری، گرنگیەکی ئەوتۆی نییە لە سیستەمی پەروەردەدا، ئەمەش کەموکورتیی و نەنگییە، چونکە بابەتی ئابوری و تێگەیشتن لە ئابوری، پرسێکی جەوهەرییە و هەمو مرۆڤێک پێویستە لەبارەیەوە بزانێت، چونکە بەتایبەت لەسەر ئاستی کەسیی سودی بۆ تاکەکە دەبێت، باشترین رێگەیەکیش بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و رۆشنبیریی لەبارەی ئابوریەوە، ناوەندەکانی خوێندنە، هەربۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت ئەو جیاکاریی و بەکەم سەیرکردنەی وانەکە لە پرۆگرامەکانی خوێندا نەهێڵرێت.

٢. چارەسەرکردنی کێشەی نەبون و کەمی مامۆستای پسپۆڕی ئابوری، دەکرێت بە چەند رێگەیەک بکرێت:

ا. دامەزراندن: ئەگەر دامەزراندن کرایەوە، ئەوا گرنگیی بەو بەشانە بدرێت کە پسپۆڕییان زۆر کەمە، ئابوریش یەکێکە لەوانە.

ب. گرێبەست: ئەو مامۆستا وانەبێژانەی ساڵانە وەردەگیرێن، واباشە بۆ لەمەودوا لەو بەشانە بن کە پسپۆڕییان کەمە و ئابوریش یەکێکە لەو بەشانە.

٣. ئابوری بابەتێکە زۆرتر لە بیرکارییەوە نزیکە وەک بوارەکانی تر، بۆیە ئەگەر توانرا ئەوا ئەرکی وتنەوەی ئەم وانەیە لەو ناوەندانەی مامۆستای کەمە، بە مامۆستایانی بیرکاریی بسپێردرێت، یاخود گرێبەست لەگەڵ پسپۆڕانی بیرکاریی بکرێت بۆ ناوەندەکان کە بتوانن هەردو وانە بڵێنەوە.

٤. ئەو مامۆستایانەی کە پسپۆڕی ئابوری نین و وانەکە دەڵێنەوە، لانیکەم پێویستییان بە کۆمەڵێک هاوکاریی و دەستگرۆیی هەیە، کە بنچینەترینیان خولی شیاندن و راهێنانە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێت ئەم کارانە بکرێت:

ا. خولی شیاندنیان بۆ بکرێتەوە، ئەوان خۆیان مامۆستان و بنەما پەروەردەییەکان دەزانن، بۆیە دەتوانرێت لە ماوەی ئەو خولەدا تەرکیز بکرێتە سەر لایەنی زانستی بابەتەکە و بنەما سەرەکییەکان لە پرۆگرامەکەدا.

ب. خول و راهێنانیی کاتییان بۆ بکرێتەوە، لەلایەن پسپۆڕانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێت سود لە شارەزایانی بوارەکە لە زانکۆی گەرمیان وەربگیرێت و خولی کاتیی چەند رۆژەیان بۆ بکرێتەوە.

ج. سەردانی مەیدانی و خولیان لەلایەن ئەو پسپۆڕانەوە بۆ بکرێتەوە کە لە حکومەت دان، بۆ ئەمەش دەکرێت لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان تەنسیقێک بکرێت.

٥. دەتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی کەمی مامۆستای ئابوری، رێگەیەکی تر بگیرێتەبەر، بەوەی ئەو مامۆستایانەی کە پسپۆڕیی ئابورین، نەکرێن بە میلاکی یەک قوتابخانە، بەڵکو دەتوانرێت لەناوچەیەکدا کە چەند قوتابخانەیەکی تێدایە، مامۆستایەکی پسپۆڕی بوارەکە وانەی ئابوری چەند قوتابخانەیەک بگرێتە ئەستۆ، هەر رۆژەو لە یەکێک لەو قوتابخانانە وانەی ئابوری پێشکەش بکات بە رەچاوکردنی بەشە وانەی هەفتانە (واتا لە قەزا یان ناحیەیەک ئەگەر ٣ مامۆستای پسپۆڕی ئابوری هەیە و هەر لەو قەزا یان ناحیەیە ٩ ئامادەیی هەیە، ئەوا هەر مامۆستایەک وانەی ئابوری ٣ قوتابخانە لەئەستۆ بگرێت و هەر رۆژە و یان هەر دو رۆژە و لەیەکێک لەو قوتابخانانە وانەی ئابوری بڵێتەوە)، بۆ ئەمەش دەتوانرێت هاندان "مكافئە" ئەگەر کەمیش بێت بۆ ئەو مامۆستایانە بەمەبەستی خەرجیی هاتوچۆ، بۆیان دابین بکرێت.

٦. بابەتی ئابوری یەکێکە لەو بابەتانەی کە بەوە ناودێر دەکرێت کە "وشکە"، دەشتوانرێت لە پێشکەشکردنی ئەم بابەتەدا، پشت بە داتاشۆ و ڤیدیۆ و وێنەی پێویست بگیرێت کە لە وێبسایت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا تەنانەت بە زمانی کوردییش زۆریان بەردەستە، یان گەشتی زانستی بکرێت، بۆئەوەی وانەکە تەنها نەبێتە وانەیەک کە خوێندکارەکان لە بەری بکەن و بەس، بەڵکو سودیشی لێببینن و لێی تێبگەن و بۆ ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەشیان سود لە بنەماکانی ببینن و زانیاریەکانی بەکار بێنن.

٧. گۆڕانکاری کردن لە پرۆگرام و ئەو مەنهەجەی کە هەیە تایبەت بە ئابوری، کارێکی پێویستە، چونکە وەک مامۆستایان باسی دەکەن بابەتەکانی بە شێوازی کۆن داڕێژراوە و پێویستیی بە پێداچونەوە هەیە، بەشێوەیەک لەگەڵ دونیا و بازاڕی ئێستا دا گونجاو بێت.

٨. لەدانانی بەشە وانەی ئابوری دا، نایەکسانییەک هەیە، بەشێوەیەک بەشە وانەکانی ئابوری کەمترن، ئەمەش کاردەکاتە سەر ئەوەی مافی تەواو بەم بابەتە نەدرێت و مەنهەجەکەی بەباشیی و تەواویی، نەخوێندرێت.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان**

**١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە**

**٢. زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە**

**٣. رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی**

*** بۆپەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦— ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org